# فایلی **سیا** بۆ ڕۆژی سپی

حەمەسەعید حەسەن

کە سووکایەتیی بە سروودی نیشتمانیی وڵاتە بندەستەکەی دەکرێت، بێدەنگ دەبێت، کە نازناوی پیرۆزی شەهید، دەخرێتە پێش ناوی زڕاوی سەرەکجاشێکی گۆڕبەگۆڕەوە، بێدەنگ دەبێت، کە سووکایەتیی بە پۆلێک لە شەهیدانی وەتەن دەکرێت و بە ناوی ئەوانەوە قسەی هەڵەق و مەڵەق دەنووسرێت، بێدەنگ دەبێت، کە نووسینی بە تەنیشت نووسینی بەعسییەکی دێرینەوە بڵاو دەکرێتەوە، بێدەنگ دەبێت، کەچی کە سووکەڕەخنەیەک لە ڕێنووسی ڕستەیەکی دەگیرێت، دەستبەجێ هاواری لێ بڵند دەبێتەوە و هەموو ئەو جنێوانەی بە درێژایی ژیانی فێریان بووە، گا بە ناوی خۆیەوە، گا بە ناوی خوازراوەوە، بە ڕەخنەگریان دەدات!

ئەم خۆی شانازیی پێوە دەکات کە لە بواری وێنەی سەددام حسێن کێشاندا، سەری هیچ وێنەکێشێک ناگاتە داوێنی، ئەم خۆی نکوڵی لێ ناکات، کە بە پسووڵەی بەبەعسیبوون خوێندنی تەواو کردووە، ئەم خۆی ددانی پێدا دەنێت کە لە هەفتەنامەی (ئاسۆ)ی سەر بە دەزگای موخابەراتی عێراقیدا، شێلگیرانە کاری کردووە، کەچی ئەوی چەپی عەیاری بیست و چوار، هەر داکۆکیی لێ دەکات!

لە دوای هەرەسی بەعسەوە، داڵدەدانی کورد وەک پەنابەر، هێندە زەحمەت بووە، وەک مەحاڵی لێ هاتووە، ئیللا مەگەر بیسەلمێنێت کە بەعسی بووە. ئەو کوردەی بتوانێت بە بەڵگەوە نیشانی بدات کە بەعسی بووە و دوای <نسکۆ>ی بەعس، ژیانی کەوتووەتە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، بە پەنابەر وەردەگیرێت، بۆیە ئەگەر فایلڕەشیت، چی زووترە لاپەڕەیەک لە فایلکەت بخە ڕوو!

ئەوی شارەزای ئەلفوبێی ڕۆژنامەگەری بێت، دەزانێت کە بەرپرسی ماڵپەڕ، بەرپرسی یەکەمە بەرانبەر ناوەڕۆکی ئەو نووسینانەی لە سایتەکەیدا بڵاویان دەکاتەوە. ئەوی سەرەواوێکی لە هەناودا بێت، دەزانێت ئەگەر لە سایتێکدا بەبێ بەڵگە تۆمەت وەپاڵ کەسێک درا، خاوەنی سایتەکە تۆمەتبارە و لە هەر شوێنێکی دنیادا کە یاسای تێدا سەروەر بێت، دادگایی دەکرێت. کەسێک سایتێکی ئاوەدان کردبێتەوە و ئەو ڕێسایانەی نەژنەوتبێت، لای کەم کزناوەزە. ئەو ڕێسایانەی بیستبێت و ڕەچاویان نەکات، سایکۆپاتە، دەیبەخشم بە نەخۆشییەکەی.

2004. 09. 18